# 50 پەناهەندەی کورد و نەتەوەکانی تر
# لە شاری خرۆنینگن لە هۆلەندا هەڕەشەی دەرکردنیان لێ ئەکەن

مەحمود محەمەد عوسمان

50 کەس لەم شارە خرۆنینگن و هەزارەها لە شارەکانی هۆلەندا هەڕەشەی دەرکردنیان لێ ئەکەن . رۆژ نییە خێزان نەخرێتە سەر جادە ، وێرای ئەوەی کە تەمەنێکی زۆر لێرەن . ئەم 50 ئینسانە لە 5 ساڵەوە هەتا 14 ساڵییان تێدایە کە لێرە ژیابن . بیهێنە پێش چاوی خۆت کە دوای ئەم تەمەنە درێژە روو بکەیتە دونیایەکی نادیار ، بە بێ ئەوەی سادەترین مافەکانی مرۆڤت هەبێ ، روو لە کوێ ئەکەیت ؟ بۆ کوێ ئەڕۆیت ؟ چۆن جیهانت لێ نابێتە زیندانێکی گەورە، ئەو هەموو یادگار و چاوەروانییە و بیرکردنەوەو بۆ کوێ ئەیبەی ؟ کێ هەبێ ئەم بارە قورسەی لەسەر بێت و بزە بکەوێتە سەر لێوانیی ، یان هەنگاوەکانی توانای هەبێ ئەم ئازار و مەینەتە هەڵگرێ . بیهێنە پێش چاوت بە زۆر دەرت بکەن و ئەو هەموو یادگارییانەو پەیوەندییانە و ئومێد بە دونیایەکی ئاسودەت هەبێ ، بەڵام ماوەویشت نەدەن بۆ ئاخر چار قسەیەکت هەبێ .

ئەمانە و هەزارەهای تر لەو جەهەنمەی عێراق و سۆمال و سۆدان و ئەفریقیا پەنایان بۆ ئەم وڵاتانە بردووە، بۆ ئەوەی دوربن لەو مەرگبارانە ، لە وڵاتانێک هاتوون نەک هەر ناتوانی لە بواری سیاسی کار بکەی ، بگرە ژیان وێرای سەختی ، رۆژانە مەرگ چاوەڕێان ئەکات لە ژیانی ئاساییان ، لە جەهەنمێکی بێ یاسا کە مرۆڤ حورمەتی تێدا نییە . دەسەڵاتی ئێرەیش ئەیەوێ بە یاساوە جەهەنمیان بۆ دروست بکات لە دەرکردنیان وخستنە سەرجادەیان

50 کەس نەتوانن لەم شارە شوێنێکیان هەبێ بۆ حەوانەوە دوای هیلاک بونێک . ئاخر مرۆڤ چۆن رۆحی ئازاری نادات و ئۆقرە ئەیگرێ کە ئافرەتانێک ببینێ لەگەڵ مناڵەکانیان بێ ئەوەی شوێنێک هەبێ بۆ حەوانەوەیان ، و ئەم و ئەو ،ئەم رێکخراو و ئەو رێکخراو یارمەتیان بدات ، ئەوانیش بە شەرمەوە و چار نییە ،دەستیان پان بکەنەوە

بۆیە پشتگیریتان بۆ ئەم پەناهەندانە و هەموو پەناهەندانی هۆلەندا کارێکی ئینسانی و ئەبێ بیکەین .
لە 5 مانگی سبتەمبەر ( 9 ) لە شاری خرۆنینگین هەموو ئازادیخوازان و کەسانی ئینساندۆست و نوسەرانی سەر بە ئەم بەرە مرۆڤایەتییە خۆپیشاندان ساز ئەکەن، دژ بە بڕیاری دەرکردنیان ، ئێوەیش پەیوەست بن ، بۆ هاواری بۆ دەنگ بەرزکردنەوەیەک .

بە هیواین ئەمانیش ژیانێکی ئاسودە ببەنە سەر و وەک هەموو مرۆڤێکی ئەم دۆنیایە . ئەتوانن پشتگیری خۆتان بنێرن بە هۆلەندی یان بە ئنگلیزی بۆ ئەم ئەدرەسەی خوارەوە

مەحمود محەمەد عوسمان
خرۆنینگن
هۆلەندا
http://home.wanadoo.nl/werkvluchtvrij/